# ئەگەر شۆربات لێنا، (ڕێژەی) ئاوەکەی زیاتر بکە، وهەندێکی ببەخشە بە دراوسێکانت

له ئەبی زەری غیفاریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر شۆربات لێنا، (ڕێژەی) ئاوەکەی زیاتر بکە، وهەندێکی ببەخشە بە دراوسێکانت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ڕوونکردنەوەی گرنگی مافی دراوسێی تێدایە لە ئاینی ئیسلامدا، ئامۆژگاری مرۆڤ دەکات ئەگەر خوای گەورە ڕزقی بۆ فراوان کرد بەرامبەر دراوسێکەی چاکەکار بێت وپێیان ببەخشێت، لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ئەگەر شۆربات لێنا، (ڕێژەی) ئاوەکەی زیاتر بکە، وهەندێکی ببەخشە بە دراوسێکانت)، واتا: ئاوی ناو شۆرباکە زۆر بکە وزیاد لە بەشی خۆتان لێبنێ بۆئەوەی زۆر بێت وبەشی دراوسێکانی لێبدەیت، زۆر جار شۆربا لە گۆشت وشتی تر دروستدەکرێت کە دەکرێت بە نانەوڵاو، وئەگەر هەرخواردنێکی تر بوو وەکو شیر ونان وهەر خواردن وخواردنەوەیەکی تر؛ ئەوا بیبەخشە بە دراوسێکانت چونکە ئەوان مافیان لەسەرت هەیە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5336